فەلەکناسی: پێشبینی دەکەین یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان ٦ی حوزەیران بێت

ناوەندی نەودەوڵەتی فەلەکناسی وادەی یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانی بە ئەمسا ئاشکرا کرد و دەڵێت، پێشبینی دەکەن یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان ٦ی حوزەیران بێت.

ئەمە یەکشەممە ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٥، ناوەندی فەلەکناسی نەودەوڵەتی لە ئیمارات لە بەیاننامەیەکدا وتی، ڕۆژی شەشی ئەم مانگە کە دەکاتە ڕۆژی هەینی، یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان دەبێت، کە لە ڕۆژی ٢٧ـی ئەم مانگە، هیلالی مانگ دەبینرێت و ڕۆژی ٢٨ـی مانگیش دەست دەکرێت بە ڕەورەسمەکانی حەج.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ڕۆژی ٥ـی ئەم مانگە کەتا ڕۆژی ڕەورەسمەکانی حەج و دواتر دەست دەکرێت بە وەستان لەسەر کەوی عەرەفە، بەوەش ڕۆژی ٦ـی مانگی داهاتوو یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، مانگی هیلال لەو ڕۆژەدا بە بەکارهێنانی تەلەسکۆپ لە ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئاسیا و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا و ئەورووپا و بە چاو لە بەشێکی زۆری هەردوو کیشوەری ئەمریکادا دەبینرێت، لە جیهانی ئیسلامیشدا لە ڕۆژانی داهاتوودا دەبینرێت.